خاوەنی ئیمتیاز
فێستیڤاڵ

# شانۆکــــار

بەڕێوەبەری فێستیڤاڵ
شکۆ عومەر
دەستەی باڵای فێستیڤاڵ
مەریوان زەنگەنە
سیروان بێڵانە
تارق ناسح
محەمەد خدر

سەرنووسەر
کاردۆ محەمەد
ستافی ڕۆژنامە
هەوار فارس
محێدین عومەر
هۆزان شێرزاد

ژمارە (٣) هەینی ٢٠١٩/٥/٣

ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بە یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوک خولی جیهاد دڵپاک

## پێنج ئەندام ئەنجامەکان یەکلادەکەنەوە



لە (یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوک - خولی جیهاد دڵپاک)دا لیژنەیەکی پێنج کەسی دیاریکراوە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەنجامی کێبرکێی نێوان نمایشە بەشداربووەکان،لەو ڕووەوە شکۆ عومەر کاکەڕەش بەڕێوەبەری فێستیڤاڵ بە (شانۆکار)ی ڕاگەیاند " ئەندامانی لیژنەی دادوەری بریتین لە پێنج کەس ،و هەریەکەو بۆ پسپۆڕیێك دیاریکراوە ، بەڵام هەموان هاوکاری یەك دەکەن ، بۆنموونە کەسێك دەستنیشانکراوە وەك سەرۆکی لیژنەی دادوەریی بۆ دیاریکردنی باشترین دەرهێنان و چوار ئەندامەکەی تر دەبن بە هاوکاری ئەو" . لیژنەی دادوەرییش پێکهاتووە لەم شانۆکارانەی کە هەریەکەو بۆ پسپۆڕییەك دیارییکراون : گەزیزە عومەر عەلی، مەهدی حەسەن سعید

ڕێباز محەمەد جەزا ، عادل حەسەن عەلی، کاردۆ محەمەد .

## سیمیناری ڕەهەندی چوارەم لە ئەتمۆسفێری نمایشی شانۆ ئەنجامدرا

بەئامادەبوونی هونەرمەندان و شانۆکاران سیمیناری ڕەهەندی چوارەم لە ئەتمۆسفێری نمایشی شانۆییدا بۆ دکتۆر فازڵ سودانی لە هۆڵی سیمینارەکانی هۆتێل کەرکوک پلازا بەڕێوەچوو .. لە سمینارەکەدا سودانی جەختیکردە سەر وەلانانی تێکستی ئەدەبی تەقلیدی و گرینگیدان بە تێکستی بینراو ،کەتێیدا بینەر ڕۆڵی کاریگەر دەبینێت لەکۆی پرۆسە نمایشەکەدا ،دواتر ئامادەبوانی سیمینارەکە سەرنج و تێبینییەکانیان خستەڕوو کە دواتر لەلایەن دکتۆر فازڵ سودانییەوە وەڵامدرانەوە.



## دونـــیاو ســـکواد لـــەکۆڕێکـــی ڕەخنەیـــی دا







کاتژمێر ١١ی بەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٢٠١٩/ ٢/٥ لەهۆڵی دیالۆگ کۆڕێکی ڕەخنەیی بۆ هەردوو شانۆیی دونیا وسکواد بەڕێوەچووکە لە چوارچێوەی فێستیڤاڵدا نمایشکران . سەرەتا نووسەر و ڕەخنەگر حەمەسوار عەزیز باسی لە لایەنە ئەرێنی ونەرێنییەکانی شانۆیی دونیاکرد و ،دواتر ئامادەبووانی کۆڕەکەش راو سەرنجی خۆیان خستە ڕوو، پاشان دکتۆر مەنسور نوعمان تیشکی خستە سەر نمایشی سکواد و خاڵە لاواز وبەهێزەکانی ئەو نمایشەی خستەڕوو،جێی ئاماژەیە ستافی هەردوو شانۆییەکە لەکاتی کۆڕەکەدا ئامادبوون و گوێبیستی ڕەخنەو سەرنجی سازادەرانی کۆڕەکە و ئامادەبووان بوون.

## شانۆکاران باس لە گرنگی سازدانی فێستیڤاڵ دەکەن









شانۆکارانی کورد سازدانی یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوک بۆ بەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی شانۆیی بە گرنگ وپێویست دەزانن ، لەورووەوە دەرهێنەری کورد ناسر حەسەن ، دەڵێت ، ئەم شارەو ئەزمونێکی گەورەی هەیە لە سازدانی چالاکی و فێستیڤاڵی هونەری ، هەروەك ئاماژە بۆ ئەو بینەرە زۆرەی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك خولی جیهاد دڵپاك دەکات کە زۆربەی ئامادەبوان بەلایانەوە سەیربوو ،کەرکوك بینەرێکی لەم شێوەیەی هەیە ، ئەو هونەرمەندە کوردە دەڵێت بەلای منەوە زۆر ئاساییە چونکە کەرکوك مێژوویەکی پرشنگداری هەبووەو هەیە لە ئێستاو ڕابردوودا.

لای خۆیەوە ، هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان دەڵێت ،" گەورەیی لەوەدایە ئەمڕۆ فێستیڤاڵی شانۆیی لە کەرکوك ئەنجامدەدرێت بەبەشداری هونەرمەندان و کۆمەڵانی خەڵك ئەمە مایەی دەستخۆشیە کە بەم کارە گەورەیە هەستاون، ئەمە مەزنی میللەتەکەمان نیشان دەدات" هەروەك مەراسیمی دەستپێکی فێستیڤاڵە شانۆییەکەی کەرکوکی بە پرۆفیشناڵ و سەرکەوتوو وەسف کرد لە هەموو ڕووەکانەوە .

هاوکات هونەرمەند عەلی کەریم ، لە بارەی ڕەوتی شانۆی کوردیی لە کەرکوك دەڵێت " ئەم شارە مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە لە ساڵانی پەنجاکانەوە کەرکوکیەکان بەرهەمی شانۆیان لەم شارەدا پێشکەش کردووە ،بەشێوەیەکی گشتیش کەرکوك وەك چۆن لە ڕووی خەبات و تێکۆشانەوە بەردەوام پێشەنگ بوونە بەو شێوەیەش لە بواری هونەری و ڕۆشنبیری لە ڕیزی پێشەوە بوونە .

هەر لەو بارەیەوە هونەرمەند و نوسەر یاسین قادر بەرزنجی دەڵێت ، کەرکوك هەر لە کۆنەوە ناسراوە بەشاری دراماو شانۆی کوردی ، جوڵەیەکی زۆر باشی تیابووە ، من ناوی دایکی درامای کوردیم پێ بەخشیووە ، ئەم فێستیڤاڵانەش کە لە شارەکانی کوردستان دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی هونەرمەندان وشانۆکارانی کورد بۆ یەکتر گەیشتنیان بۆ بینینی بەرهەمەکان و گفتوگۆ لەسەر ئاستی کۆی نمایشەکان ، شانۆ بووەتە هونەری دەستە بژێر ونوخبەی خەڵك.

هونەرمەند ،ئەرسەلان دەروێش بوونی فێستیڤاڵ لە کەرکوك بە گرینگ و پڕ بایەخ ناودەبات بەو پێیەی کەرکوك لە هەل و مەرجێکی تایبەتدایە و وەك پێویس بایەخ بەو شارە نەدراوەو پەراوێزخراوە ، ،ئەرسەلان دەروێش ،ئاماژە بۆ دوو دیویی فێستیڤاڵەکان دەکات و دەڵێت ، ئەم فێستیڤاڵانە وەکو تیغێکی دوو دەم وان ، لە لایەکەوە وادەکەن نمایشی شانۆیی وەك پێویست پێشکەش بە بینەر نەکرێت و ئابلۆقەیەك دروست بکات و چالاکییە شانۆییەکان بکەونە ناو فێستیڤاڵەوە ، لەلایەکی تریشەوە کۆبوونەوەیەکە بۆ گفتوگۆ و مشت و مڕ لەسەر دۆخی شانۆیی و بینینی ئەزمونی شانۆیی جۆراو جۆر .

ڕاپۆرت / هەوار فارس